# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە تاریکایی شەودا نوێژی عیشای کرد، وعومەر دەرچوو، ووتی: نوێژ کردن، ئەی پێغەمبەری خودا، ئافرەتەکان ومنداڵەکان خەوتن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو وسەری تکەی ئاوی لێدەهات، وفەرمووی: ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە ئەنجامدانی نوێژی عیشا لەم کاتەدا

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە تاریکایی شەودا نوێژی عیشای کرد، وعومەر دەرچوو، ووتی: نوێژ کردن، ئەی پێغەمبەری خودا، ئافرەتەکان ومنداڵەکان خەوتن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو وسەری تکەی ئاوی لێدەهات، وفەرمووی: «ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم -یان لە سەر خەڵکی- ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە ئەنجامدانی نوێژی عیشا لەم کاتەدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جارێکیان نوێژی عیشای دوا خست، هەتا کاتێکی زۆر لە شەو ڕۆیشت، وئافرەتەکان ومنداڵەکان نووستن، لەوانەی کە توانا وئارامگرتنیان نیە لە سەر زۆر مانەوە؛ بۆیە عومەری کوڕی خەتاب هات بۆ لای، و ووتی: نوێژ، ئافرەتەکان ومنداڵەکان نووستن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو لە ماڵەکەی وقژی ئاوی لێدەتکا بە هۆی خۆشۆردنەوە، وئەوەی ڕوونکردنەوە کە باشتر وایە نوێژی عیشا دوا بخرێت، ئەگەر ئەو ناڕەحەتی وقورساییە نەبوایە کە دەکەوێتە سەر ئەوانەی چاوەڕێی کاتی نوێژ دەکەن، فەرمووی: (ئەگەر ناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە نوێژکردن -نوێژی عیشا- لەم کاتە درەنگەدا).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3537